سالنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان



چالاکی و پڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٣

16355

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

- سالنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
چالاکیو پرۆژەکانی سالی ۲۰۰۳
- فەرمانگەی پەیوەندییە گشتییەکان و راگەیاندن
- چاپی یەکەم سلێمانی/ کوردستان
- ژمارەی سپاردن (۱۰۸) سالی ۲۰۰٤ وەزارەتی رۆشنبیری پێ در
- چاپ: چاپخانەی نیشک
- تیراژ: ۲۰۰۰ دانە

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

لیژنەی پەیوەندیەکانی

پێشەکی

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

خوشک و برایانی بەڕێز

وا جارێکی تر حکومەتەکەی خۆتان، لەبەردەم ویژدانی زیندووی نیو و چاوی تیژی میژوودا تۆماری سالێکی تری هەوڵ و کۆششی خۆیتان دەخاتە بەردەست. دڵنیا لەوەی حوکمی سەرپاستانەی کۆمەڵانی خەڵک، کە ئەم دەسکەوت و پرۆژانەی بۆ ئەوان کراون و بەوان کراون، حوکمێکی دادوەرانەی ئەوتۆ دەبێت کە بەتێکرایی هاتمانیدات بەرەو پێشکەوتنی زیاتر و بڕینی ئەو هەنگاوانەی لە کاروانی دوورودرێژی حکومەتی هەرێمدا ماون لە ڕێی کۆمەڵێکی ناوەدان و پێشکەوتوودا.

ئەمساڵ بە هۆی جەنگی ڕزگاریی عێراقەوە، حکومەتی هەرێم لە هەلومەرجێکی تەواو جیاواز لەوەی دوو ساڵی ڕابردووی کابینەی سێیەمدا کارەکانی ڕاپەڕدو پرۆژەو بەرنامەکانی خۆی سەرخست. یەکەمین جار بوو لە مێژووی کوردستاندا، لە عێراق و ناوچەکە جەنگ هەبێ و کورد حکومەتێکی خۆمالی هەبێ تەگبیر لە پاراستنی بکاو مشوری دابینکردنی ئەمنیەت و ژیانی بخوا تا کەمترین پرێشکی جەنگەکەی بەرێکەوێت.

دیارە خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگی ڕزگاریی عێراق، هەڵایسانی جەنگەکەو ئینجا مامەڵەکردنمان لەگەڵ دەرکەوتەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، ئەمانە هەموی دۆخی لەسەر یەک گۆڕاوو جیاوازیوون کە ئیدارەی کوردستان توانی ژیرانە لەگەڵیا هەڵسوکەوت بکا، فاکتەرە ئیجابیەکانی بقۆزێتەوەو دەرکەوتە خراپەکانیشی ئیحتوابکات. لەناو ئەوانەشدا دەرکەوتی تەنگژەی دراو کە کاریگەری خۆی لەسەر باری دارایی و گوزەرانی هاوڵاتیان کردبوو، بەڵام حکومەتەکەتان لە ماوەیەکی کورتی دوای جەنگەکەدا نەک هەر توانی گرفتی مووچە چارەبکار باری گوزەرانی هاوڵاتیان ڕاستبکاتەوە، بەڵکو وەک درێژەپێدانی ڕەوتی پەرەپێدانی ژیان و گوزەرانی خەڵک بە زوویی دەستی بەهەڵمەتێکی تری تەرخانکردن و زیادکردنی مووچەو دەرمالەی چەند تۆڕێکی بەرفراوانکرد، بەتایبەتی لە بواری دووقاتکردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدان و میراتگرانی شەرعی ئەنفالکراوو کیمیا بارانکراوەکان، بڕینەوەی مووچە بۆ کوردە فەیلییەکان، سێ قاتکردنی مووچەی پێشمەرگەی کەمئەندام، بڕینەوەی مووچەی مانگانە بۆ کەمئەندام و کورتەباڵا و تووشبوانی ئەخۆشی سالاسیماو

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

شەڵەی دەماغی، زیادکردنی دەرمالەی توێژی خوێندکاران و زیادکردنی موچەو دەرمالەی توێژی بەرهەمهێنەرو خزمەتگوزارییەکانی چیمەنتۆو کاربار هتددا.

لەگەڵ ناساییبوونەوەی ڕەوشی وڵات و هارشانی ڕەوتی چاککردنی ژیان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاوواڵتیان، حکومەتی هەرێم بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی پەرەپێدا. ئەوەبوو پشتبەستوو بە بودجەی بۆ تەرخانکراوی ئیدارەی مەدەنی ئەمریکا لە عیراق هەڵمەتێکی فراوانی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی بەرێوەبرد. هەڵمەتێکی ئەوتۆ کە لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا بۆ کوردستان نەکراوە. ئیدارەدانی تواناکانی حکومەت لە وەفری دارایی بەردەستی و بودجەی دیاریکراو بۆ هەرێم بوونە هەوێنی قۆناغی نوێی ئاوەدانی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. وەك تەنکیدکردنەوەشمان لەسەر پرەنسیپی شەفافیەت بڕی ئەو بودجەیەو ڕێوشوێنەکانی خەرجکردنیمان لە ئیدارەی خۆمان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ڕوونکردەوە کە:

بودجەی تەرخانکراو لەلایەن (CPA)ەوە بۆ شەش مانگی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ لە (١/٧ ٢٠٠٣/١٢/٣١) (٢٦١,٣) ملیۆن دۆلار بوو، کە بەم شێوەیە دابەشکرا: (١٠٢) ملیۆن دۆلار بۆ موچە، (٩٨,٧) ملیۆن دۆلار بودجەی ئاسایی بێ لە موچە، (٦٠,٦) ملیۆن دۆلار بۆ بودجەی هەڵمەتی وەبەرهێنان. لە پارەی (١٠٢) ملیۆن دۆلاری موچەدا تەنها (٨٧) ملیۆن دۆلاری گەیشتووە هەردوو بودجەی ئاسایی و وەبەرهێنانیش گەیشتوون. دەزگاکانی حکومەت لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا بە بڕی (٢٧٧) ملیۆن دۆلار پرۆژەی ئاوەدانی و وەبەرهێنانیان دەستپێکردووە، کە بەشێکی تێچووبان دەکەوێتە سەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٤.

ئەو هەڵمەتە تازەیەی ئاوەدانکردنەوە هەموو بواردکانی ژیان و هەموو شارو شارۆچکەو ناوایەکانی کوردستانی گرتەوەو بەپێی تواناش هاوکاری ناوچە تازەڕزگارکراوەکانیش کراوە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوەکەی بەخۆوەیەتی، حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆیە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە بێجگە لە سلێمانی، لە شارەکانی دەڤەری ڕاپەڕین، گەرمیان، کۆیە، شارەزوورو شارۆچکەکانی تریش هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە ناوە. گرنگترین ئەو پرۆژانەش لە کوردستاندا بریتین لە: فرۆکەخانەی سلێمانی، کۆمپیوتەرایزەکردن و فراوانکردنی تۆڕی ئینتەرنێتی زانکۆی سلێمانی، دەستپێکردنی پرۆژەی تەلاری هونەر، دروستکردنی بیناى دەزگای سەردەم، چاککردن و فراوانکردن و داببنکردنی کەلوپەل و کەرەستەو سەرچاوەی پێویست بۆ کتێبخانەی گشتی سلێمانی و دەیان پرۆژەی تری ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوە لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی وەك پرۆژەکانی تایبەت بە خزمەتی لاوان لە مەڵەوانگەو یاریگەو چەندین پرۆژەی ئاوەدانی مزگەوت و تەواوکردنی بیناى کەنیسەی سلێمانی و هاوکاری ئیدارەی کەرکوك و ناوچە ڕزگارکراوەکانی گەرمەسێر و دەیان پرۆژەی تر لە شارو شارۆچکەکان.

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بۆ ناسانکاری جێبەجێکردنی ئەم هەڵمەتە، کە هەڵێکی زێرینی گەشەپێدانی خستۆتە بەردەم کۆمەڵانی خەڵک و وڵاتەکەمان، حکومەتی هەرێم کۆمەڵێک بڕیارو ڕاسپاردەی پێویستی دەرکرد لەوانەش: دەرکردنی یاسای وەبەرهێنانی بیانی کە سەرمایەگوزاری بیانی هاندەدات بێنە کوردستان و سەرمایەکانیان بخەنەگەڕ، کەمکردنەوەو یەکخستن و ناسانکردنی یاساکانی ڕەسم و کرێی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو بە هاوڵاتیان و کەرتی تایبەت، بەستنی کۆنفرانسی بودجەو دەیان هەنگاوی تر.

هەر لە ماوەی ساڵی ڕابردووەوا کۆمەڵێک بڕیاری تر دەرچوون کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە هەیە وەک: سلفەی عەقار، سلفەی ژنهێنان، دانەوەی قەرزی ناکامەکان و.. هتد. ئەمە جگە لە دەیان پرۆژەی تر لە بواڕەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، پەروەردەو تەندروستی و دەیان پرۆژەی بواری شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە.

بەڵام هاوشانی ئەو دەسکەوت و پێشکەوتنانە، هێشتا لە زۆر بواردا گێرۆگرفت و کەموکوڕیمان هەیە، بەتایبەتی لە بواری هەڵسورانی ئیداری و ناستی تەکنیکی دامەزراوەکانی حکومەتدا. هەوڵ و کۆششێکی زیاترمان دەوێت تا جیهازی ئیداریمان تەفعیلبکرێت و ئەو خواست و ئامانجانەی پێن جێبەجێکرێت کە حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەدا بەرنامەی بۆ داناوە.

بۆیە دەبێ ساڵی داهاتوو لە میانی پرۆسەی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوەدا جیهازی ئیداریشمان تەفعیلبکەین، ناستی ئەدائیان پەرەپێبدرێت تا دوور لە گیانی بیرۆکراسی و بە عەقڵێکی کراوەوە ئەرکەکانیان ئەنجامبدەن. هەڵبەتە ئەم کارە دابڕاوئییە لە پرۆسەی چاودێرییەکی ژیری دەزگاکانی چاودێری دارایی و خستنەگەڕی جیهازی سەیتەرەی ئەوعی و هەر هەوڵێک بۆ ڕەچاوکردنی پێوەرە هونەرییەکان لە کۆششی جێبەجێکردنی پرۆژەو خزمەتگوزارییەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێداندا. ئەمانەش هەمووی بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی دارایی و ئیداری و بۆ ڕەچاوکردنی پێوەرو ئەندازە هونەرییەکان لە وەختێکدا کوردستان هەڵمەتێکی گەورەی ئاوەدانی بەڕێخستووە.

خوێنەرانی بەڕێز..

بێگومان ئەم دەسکەوتانەی، کە بە پشتیوانی جەنابی مام جەلال و دڵسۆزان و خەڵکۆزانی ئەم نەزموونە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزە سیاسییەکان و کۆڕو کۆمەڵی کوردەواری بەدیهاتوون، دەستمایەی سیاسیی چاکن بەدەستمانەوە لە چەندین لایەنەوە:

بۆ تێکۆشەرانی ڕزگاری و لایەنە سیاسییەکانی پێکهاتەی حکومەتیان لێ دروستبووە دەسکەوتەکان جێی شانازین لەناو جەماوەرو لەناو کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردەواریدا. بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانیش ئەم ئامارو ژمارانەی لە تۆماری ساڵنامەی ٢٠٠٣دا هاتوون جارێکی تر سەرکەوتنی پرۆژەی حوکمڕانی خۆبەخۆی کورد دووپاتەدەکەنەوەو دەبنە دەستمایەی شایستەی

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

وەبەرهێنانی سیاسیی لە تێکۆشانمان بۆ جێگیرکردنی مافو داخوازییە نەتەوەییو نیشتمانییەکانمان لە سەروبەندی دابڕشتنەوەی پێکهاتەی دەوڵەتی عیراقدا، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ ئەزموونی کوردستان وەك نموونەیەکی شایستەی چاولێکردنو گشتیکردن بۆ تەواوی عیراق لەلایەن دەسەڵاتی کۆمەڵی نێودەوڵەتیو چاودێری سیاسیو میدیایی رەوشی عیراقەوە تا دێ بەرەوی زیاتر پەیدادەکات. ئەمەش نەرکی سەرشانمان دووپاتدەکاتەوە، کە دەبێ هاوشانی درێژەپێدانی ڕەوتی خزمەتگوزاریو ئاوەدانی لە کارو کردەوەکانی حکومەتدا کۆششی سیاسیی خۆشمان بۆ یەکخستنەوەی نیدارەی کوردستانو دامەزراندنی یەك حکومەتی ئینتلافی بنکەفراوان، کە حکومەتی یەکگرتنی نیشتمانی بێت، سەربخەین. حکومەتێك کە لە قۆناغی ئەمڕۆی ڕاگوزەری ولاتدا کوردستان ئامادەبکات بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی بەدەستهاتوونو پەرەپێدانو فراوانکردنیان. بێ یەکخستنەوەی حکومەت هەم پرۆگرامی گشەپێدانی گشتگیری ئابووری ڕەهەندی نیشتمانی وەرناگرێو وزەو تواناکانمان پەرتدەبێ، هەمیش حکومەتەکەمان ناتوانێ وەك هەمیشە نامرازی کاریگەری بەدیهێنانی خواستە سیاسییەکانو نیشانەی سەرکەوتنی پرۆژەی دیموکراتی کوردستان بێت.

بەم بۆنەیەوە سوپاسی پشتیوانی و هاوکاری بەردەوامی جەنابی مام جەلال، سوپاسی هاوکاری دڵسۆزانو خەڵکۆرانی گەل لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو هێزە کوردستانییەکان دەکەم بۆ پشتیوانیان لە کارو کۆششەکانی حکومەت لەم قۆناغە هەستیارەی ولاتەکەماندا. هەروەها سوپاسی تایبەتیم بۆ خوشکو برا وەزیرەکانی هاوڕێمو کارمەندەکانی حکومەتی هەرێم کە بەهێمەتو دڵسۆزییەوە پشتیوانی بەرنامەی خزمەتگوزاری حکومەت بوونو بێتوچان لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکدا بوون.

بە هیوای ئەو ڕۆژە نزیکە زووبەزووبی بەدیبێت، ئەم تۆماری سەروەری چالاکیو پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمتان پێشکەش بێت.

د. بەرهەم ئەحمەد سالح

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢٠٠٤/١/٢١

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library